# ئێژامەندی خانای قوبادی
# لە هزر و ئەندێشەی کوردیدا

**کەیهان عەزیزی**

## پێشەکی

ئەوەی کە مێژووی شێعری کوردی بۆ کام شاعیر و بۆ کام دیاردە و بۆ کام ڕوداو لە چ سەدەیەک دەگەڕێتەوە، گەلێ بیروڕای جیاواز و چەشناوچەشن لە ئارادان زۆر جاریش باسەکان ئالۆز و تەنانەت تێکەڵ و هەستاوین. لەوانەیە ئەم مێژووە بۆ پێش ئیسلام و لە سەردەمی کەوناراوە بۆ سەدەکانی یەکەم و دووهەمی کۆچی، لەوانەشە بۆ سەدەکانی چوارەمی کۆچی لە هەڵکشان و داکشاندا بێت، بەڵگەکان و بنەماکانیش برێجار یەکسەرە ناتەبان. دیارە هەر قۆناغ و دیاردەیەک بە ژێدەری شیعر و ئەدەبی کوردی هەژمار بکرێت، هەندێ گریمانە و بەڵگەی تایبەتیی پێویستە، واتە دەبێ لە پێشەوە دەیان پرس و ئەگەر و هۆکار، وڵام بدرێنەوە و بکۆشین چەند ڕەهەند پرسەکان شەنوکەو بکەین. ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی گەرەکە و لە مەبەستی ئەم وتارەوە دوورە. بەڵام کاتێ خوازیاریش بین سەرەتاکانی مێژووی شێعری بەرگری یان شێعری نەتەوایەتی دیاری بکەین، دووبارە و جارێکی تر لەگەڵ ئەو ئەگەر و مەگەرانەی کە بۆ سەرەتاکانی شێعری کوردی هەیە، لێرەش لەم جۆرە شێعرەدا ڕووبەڕوومان دەبنەوە. چون زۆرجار سەرەتاکانی شێعری کوردی بە سەرەتاکانی شێعری بەرگرییەوە گرێ دەخوات و هەر دوو، یەک مێژوویان هەیە؛ واتە دەکرێ یەکەم شێعری کوردی، یەکەم شێعری بەرگریش بێت. ئەمەش خاڵێکی گرنگە لە مێژووی کورد، کە پێویستە ئاوری لێ بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت. لەبەر ئەوەی یەکەم شێعرەکانی ئەدەبی کوردی یەکەم هاوارەکانی گەلیشن. ئەمە ئەوە پێشان دەدات کە "مێژووی سەرهەڵدان و

گەشەکردنی شیعری نەتەوەیی بۆ پێش بزووتنەوەی سیاسی دەگەڕێتەوە، ئەویش زیاتر لە ئەنجامی ئەو سۆز و هەستە نەتەوەییە بوو کە چەوسانەوەی نەتەوەیی یان بێدەوڵەتی وورووژاندبوونی." (ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ٢٠٣: ٩٢)

ئەگەر گریمانەکان و ئەگەرەکان، واتە ئەو پرسانەی لەسەر دەقی بەناوبانگی "هۆرمزگان" هەن بڕوێنەوە، بە دڵنیاییەوە ئەو دەقە بە نمونەی هەرە باش و سەرکەوتووی شیعری بەرەنگاری هەژمار دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەم دەقە بەم شێوازە کە ئێستا لە بەردەستمانە لە رووی ناوەڕۆکەوە مێژووەکەی دەبێ بۆ دەوروبەری سەدەی یەکەمی کۆچی بگەڕێتەوە، کەوابوو لە دیرۆکی بیر و هزری کوردیدا ئەم بەرهەمە بەم تەرزە، قەڵەمبازێکی ناوازەیە. بۆیە ئەگەر ئەم دەقە هی ئەو سەردەمە بێت، بۆ ئەدەبی کوردی بایەخێکی یەگجار زۆر و شوێندانەری هەیە و ئەدەبی کوردی نەتەنیا دەتوانێ پێی بنازێت، دەتوانێ لە زۆر باریشەوە وەک بەڵگەیەکی چەند لایەنە پشتی پێ ببەستێت.[1] هەروەها ئەگەر ئەو ڕاڤەگەلەش کە بۆ دوو بەیتیەکانی"ماریفەتو پیر شالیاریَ" کراون ڕاست دەربچن، بەدڵنیایی ئەو دوو بەیتیانەش دەکرێ سەرەتاکانی شیعری بەرگری کوردی بن.[2] بابا سەرهەنگ دودانیش لە سەرەتاکانی سەدەی چوارەمی کۆچی لە ڕێی دوو بەیتیە بەناوبانگەکەیەوە، یەکەمین جرەقەکانی شیعری بەرگری

---

[1]- هۆرمزگان ڕەمان، ئاتران کوژان
ویشان شاردەوە گەورە گەورەکان
زۆرکاری ئارەب کەردنە خاپوور
گونای پاڵەیی هەتا شارەزوور
شەن و کەنیکا وە دیل بەشینا
مێرد ئازا تلێی وە ڕووی هوونینا
ڕەوشت زەردەشترە مانۆوە بێکەس
بەزیکا نەیکا هۆرمزد وە هیچکەس

[2] – وەرویوە وارۆ وەروە وەرێنە
وەریسە بڕیۆ چوار سەرێنە
کەرگە سیاوە هێڵە چەرمێنە
گۆشڵێ مەمێڕیۆ دوە بەرێنە

کوردی لێ داوە.[3] نزیکی پەنج سەدە دواتر شاوەیس قولی، ڕاشکاوانە جەخت لە کوردبوون و ڕەگەزی خۆی دەکاتەوە.[4]

پاش ئەم نمونانە، کاتێ لە سەرەتاکانی شیعری کوردی دوور دەکەوینەوە و ئیتر ئەگەر هەندێ وردە باسی دواتریش لەبەر چاو نەگرین، ئەحمەد خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٧ ز) لە ڕێی بەرهەمی ئێژامەندی مەم و زینەوە لە ساڵی ١٦٩٢ی زایینی یەکەم سووچی شیعری نەتەوایەتی و شیعری بەرەنگاری چێ دەکات. ئەحمەد خانی سەرکەوتوانە بە هیوای پاشەڕۆژێکی گەش، ئەدەبی بەرگری ڕەنگرێژ دەکات. نزیک بە نیو سەدە دواتر خانای قوبادی (١٧٠٠ – ١٧٧٠ ز) ئەو سووچەکەی ئەم سێگۆشە گرنگە دەکێشێتەوە. ئەگەر ئەحمەد خانی نوێنەری سەدەی هەڤدەهەم بێت، خانای قوبادی نوێنەری بێ ڕکابەری سەدەی هەژدەهەمی ئەدەبی گەلەکەمانە. لە سەدەی نۆزدەهەمیش لەسەر دەستی تەوانای حاجی قادر کۆیی (١٨١٦ – ١٨٩٧ ز) سێگۆشەکەی شیعری نەتەوەیی تەواو دەکرێت. ئەم سەردەمە واتە سەرەدەمی حاجی، لە مێژووی کورد، بە سەردەمێکی ناوازە و گرنگ و تایبەت ئەژمار دەکرێت. بۆیە لە حاجییەوە بیر و هزری نەتەوەیی ئیتر ڕەنگێکی ئەزموونکراو و خاوەن پێناسە وەردەگرێت.

- **مەبەستی ئەم وتارە**

---

[3] - سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان
ئەز کەناممەن سەرهەنگ دەودان
چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان
مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان

[4] - ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد
بابۆم کوردەنان ئەسڵمەن جە کورد
من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی گورد
سلسلەی سپای زەحاک کەردم هورد

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین دەور و پێگەی خانا لە بیر و هزری نەتەوەیی وەک یەکێ لە کاریگەرترین و گرنگترین سێکوچکەی شاعێرانی نیشتمانی لە سەردەمی کلاسیکدا زیاتر لە ڕێی موتیڤەکانی کورد و کوردستانەوە بە جەختکردن لەسەر شیرین و خەسرەو و دیباچەکەی، بە تایبەت لە ڕووی شناس و نەریتی کوردییەوە شی بکەینەوە. تا بزانین خانا لە ڕووبەری فەرهەنگ و سیاسەت و ئەندێشەدا لەم ڕۆژگارە بۆ گەلی کورد دەتوانێ چ ڕۆڵێک بگێڕێت.

## خانای قوبادی و سێکوچکەی شێعری نەتەوایەتی

ئەگەر **ئەحمەد خانی**، **خانای قوبادی و حاجی قادر کۆیی**، بە سێ لای سێگۆشەیەک دابنێین، بە دڵنیاییەوە ئەم سێگۆشە، گرنگترین شاعێرانی نەتەوایەتی ئەدەبی کوردی هەتا کۆتایەکانی سەدەی نۆزدە لە خۆی دەگرێت. زەحمەتە کەسێکیتر بدۆزینەوە بتوانێ شان لە شانی ئەمان بدات. (هەر چەند برێکتر تێکست هەن شیاوی ئاوردانەوەن.) لە ڕاستیدا پەرۆشییەکی هاوبەش لە نێوان ئەم چەند شاعێرە بەدی دەکرێت. "**نووسین بە زمانی کوردی**"، کەڵکەڵەی هەرسێ شاعێرە؛ واتە نووسین بە کوردی خاڵی هاوبەشیانە. بە جۆرێک لە جۆران دەکرێ بێژین هەرسێ لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە چاویان لە نووسین و چاویان لە زمان کردووە. ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە ئەم سێ شاعێرە هەر کامیان بەزارێکی کوردی بەرهەمەکانیان نووسیوە؛ بەڵام هەرسێ شاعێر، بەبێ دردۆنگی و ڕاشکاوانە بەرهەمەکانی خۆیان کوردی و نووسینەکانی خۆیان بە زمانی کوردی لە قەڵەم داوە. ئەمەش دیاردەیەکی گۆهەرینە کورد دەتوانێ بۆی بگەڕێتەوە. گردوکۆ، خاڵی هاوبەشی ئەم سێ شاعێرە، "زمان" و "نووسینە". لە ڕێی نووسین و کوردی نووسینەوە چەمکی کورد وەک خودێک لە بەرامبەر ئەویتر بەرجەستە دەکەنەوە. بە گشتی ئەم شێوازە دەبێتە ڕێتۆریکیان، ئەو ڕێتۆریکەش دەبێتە بیانووی بیرکردنەوە و پەیڤینیان. مێژووی کورد تەنیا مێژووی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت نییە؛ بەڵکو مێژووی نەتەوەیەکی بێ نڤیسار و بێ پەخشانیشە. "لەو سەردەمە شاعێران و زانایانی کورد بەگشتی بیروڕای خۆیان بە فارسی یان عەرەبی نووسیوە. شەرەف خان بتلیسی مێژووە بەناوبانگەکەی خۆی، شەرەفنامەی، سەدەیەک بەرلە مەم و زین بە فارسی تەواو کرد. تەنانەت پێشتر ئیدریس بتلیسیش (کۆتایی سەدەی ١٥، بەرایی سەدەی ١٦) بۆچوونەکانی خۆی بە فارسی نووسیوە. خانی ئاگامەند زمانی کوردی هەڵبژارد بۆ ئەوەی پلەی کولتووریی کوردەکان لە چاو دراوسێکان بەرەو ژوور بەرێ." (مارتین ڤان بروینسێن، مەم و زین و نەتەوە)

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بونیاد

ئەنواعێ ملەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ دبێ حەسێبن (ل، ٤٦)

خانی لە بەرامبەر ژێردەستەیی و نەبوونی یەکیەتی لەناو کوردان دەنگی هەڵبڕی و ئاواتی خواست پاشایەکی کورد هەبێ هەتا گەلی کورد کۆکاتەوە و لە پەرتەوازەیی قوتاریان بکات. هەر بەمبۆنەوە زۆر کەس لەسەر ئەو ڕایەن مێژووی ناسیۆنالیستی کوردی بۆ خانا دەگەڕێتەوە. مارتین ڤان بروینسێن دەڵێ: "لە سەدەی نۆزدەهەم، بۆ حاجی قادریش هەر وەک خانی نووسین بە زمانی کوردی هەڵبژاردنێکی سیاسی بوو." (بروێنسێن، پێشوو) بروینسێن لە حاجی نموونە دەگێڕێتەوە و دەڵێ بەبێ ڕێزگرتن لە زمانی کوردی، نەتەوەی کورد لە پراکتیکدا نییە؛ چونکە ئەگەر وابێ کۆمەڵی کوردی هیچ بیرەوەریەکی نابێ سەبارەت بە ڕابردووی خۆی.

کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی ئەگەر بنووسرایە زوبانی
مەلا و شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی

بۆ خانای قوبادیش، شاعێری هەژدەی زایینی، کورد و "لەفزی کوردی" زۆر گرنگە. وا دەردەکەوێ لەبەر ئەم چەمکانەیە خانا ئەم شاکارانە دەکاتە کوردی. لە ڕێی کورداندنی شاکارەکانی نیزامی، خانا خوازیارە فەرهەنگ و زمانی کوردیش ببوژێنێتەوە. ئەو وەبیری خۆی و گەلەکەی دێنێتەوە کە زمانی کوردی شیرینە. هەر بەو جۆرەی بەیتە گرنگەکانی خانی، لە ڕووی ئەدەبی نەتەوایەتییەوە، لە مەم و زین، لە بەشی دیباچەدا هاتوون، بەیتە گرنگەکانی خاناش لە خوسرەو و شیریندا لە هەمان بەشی دیباچەدا هاتوون. ئەم خاڵە زۆر گرنگە، ئەم خاڵە ئەوە پێشان دەدات کە ئەم دوو شاعێرە پلانێکیان هەیە و ئاسۆی کارەکەیان دەزانن. بۆیە لە دیباچەکاندا ئاوات و کەڵکەڵە و فکری خۆیان دەردەبڕن و ئاگاهانە و مەبەستمەند بەرەو پیری کارەکەیان دەچن. ئەم ئاگابوونەش گەلێ گرنگە، ئەگینا پێش لە خانی و خانای قوبادی کەسانیتریش بە کوردی شێعریان نووسیوە و ئاماژەیان بە کوردبوون کردوە؛ بەڵام خاڵی بەهێز و گرنگی ئەمان لە مەبەستمەندبوونی کارەکەیانە، دەزانن چی دەکەن و

بۆچی دەیکەن. بۆیە پێم وایە ئەم دوو شاعێرە ناوەندی قورسایی شێعری نەتەوایەتی کلاسیکی کوردین بە تایبەت لە دوو سەدەی هەڤدەهەم و هەژدوهەم. خانا ڕاشکاوانە مەم و زین بە بەهانە دەزانێ، چون لە ڕاستیدا غەم و چیرۆکێکیتر لە هەناوی شاعێر شەپۆل دەدات، بۆیە دەڵێ:

شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە
زینێ و مەمێ بکم بەهانە
نەغمێ وە ژ پەردەیێ دەرێنم
زین و مەمێ ژنو ڤەژینم (ل، ٥٢)

خاناش دەڵێ سرووشێ لە پەردەی ئەسرارەوە وتی: ئەی شاعێرانی خۆش بەیان! چی دەبێ ئێوەش وەک هونراوەی نیزامی، بەبێ کەموکوڕی بەلەفزی شیرین، لە نووسینی چیرۆکی فەرهاد و شیرین و خوسرەو پەروێز، قەڵەمەکەتان تاو بدەن؟

جە پەردەی ئەسرار لامەکان ماوا
سرووشێ بەی تەور بە گۆشم یاوا:
وات: هەی شۆعەرای خۆش نەزم و شێوە
چێش مبۆ چوون نەزم، نیزامی دوڕسەنج
بە لەفزی شیرین، بەبێ لارە و لەنج
جە وەسف فەرهاد شیرین و پەروێز
باوەری بە ڕەقس خامەی عەنبەر بێز (ل، ١٥ و ١٦)

خانا بە زمانێکی گازنئاسا لە زاری سرووشەوە سەرەتا شاعێرانێکی زۆر دەکاتە بەردەنگی خۆی و دەڵێ بۆچی ئێوەش وەک نیزامی بە "لەفزی شیرین" چیرۆکێک وێنەی چیرۆکەکانی ئەو نانووسنەوە؟ خانا لەوەی کە شاعێران بە زمان و کولتووری خۆیان کەمتەرخەمن گلەمەندە. دیارە مەبەستیشی لە لەفزی شیرین، جگە مانا ڕواڵەتیەکەی دەتوانێ ڕاشکاوانە مانای زمانی کوردیش بدات؛ چون پێشتر وتویەتی زمانی کوردی شیرینە، لێرەش بە "لەفزی شیرین" ناوی دەباتەوە. لەبەر ئەوەی خانا حەوت بەیت لەوەپێش، "لەفزی کوردی" بەکار هێناوە و نەیویستووە لێرە ئەو دەستەواژەیە هەمتر بکاتەوە تا وەک خەوشێکی ئەدەبی بۆی ئەژمار نەکرێت، بۆیە لە جیاتی لەفزی کوردی،

لەفزی شیرین بەکار دێنێ. پاش ئەم وتانە، جەنابی سرووش ڕوو دەکاتەوە خانا و تۆزێ تاریفی هۆش و زەکاوەت و زانایی و بلیمەتی خانا دەکات و دەڵێ: بۆ زێڕناس و زانیارێکی وەکو تۆ کە لە زاری یاقوت و ئەڵماس دەوەرن، عەیب و شوورەیییە لەم بازاڕە بۆ خۆی کارێک نەکات کارستان بێت. پاشان سرووش، خانا دڵنیا دەکاتەوە و دەڵێ: هەرکەس وێنەی تۆ کۆڵەباری گەوهەر و ئەڵماس بێت، ژیر و ماقووڵەکانی گەل لایەنگر و خوازیاری دەبن. کەوابوو مەترسە و زارت بکەرەوە و گەوهەرەکانی هەناوت، وتە بەنەرخەکانت لەم گۆڕەپانە هەڵڕێژە تا مامەڵەی بازاڕی تۆش جوان جوان گەرم ببێت. ئەگەریش ئەو کارە نەکەی ئەوا تەمەنت هەمووی بە زایە و خەسار دەچێت. خاناش دواجار بە گوێی سرووش دەکات و لەسەر بنەمای هونراوەکانی نیزامی، "شیرین و خسرەو" بە لەفزی شیرینی کوردی دەهۆنێتەوە.

عەیبەن پەرێ تۆ دانای زەڕشناش
دەمێ چون سەڕڕاف یاقوت و ئەڵماس
جەی بازاڕ عەشق جە ڕای پڕهۆشی
مەشغووڵ بی بە کار جەوهەر فرۆشی
حەیفەن وێنەی تۆ جەواهێر بارێ
نەکەرۆ پەی وێش ڕەنگین بازارێ
خاترت جەم بۆ جەوهەری لاڵسەنج
دانای دوڕشناس، گەنجوور کۆی گەنج
هەرکەس وێنەی تۆ گەوهەر بارشەن
دانا و بزۆرگان خەریدارشەن
گوشاد کەر زوبان جەواهێر بارت
تا گەرەم بۆ زەریف سەودای بازارت
وەرنە جە دەوران تۆ جە بێ کاریی
عومرێ بە زایە و بە پووش مویاریی
بەندەیچ حەسبولئەمر ئەو سرووش غەیب
بە ڕەشح خامەی مشکین بێ عەیب
بەی تەور کەردمان ئەی نامەی نامی

ئێنشا بە دەستوور نەزم "نیزامی"  (ل، ١٦ و ١٧)

ئەو خودە یا تۆیە، تەنیا "تۆ" یان "خود"ی شاعێر نین، بەڵکو خودی نەتەوەیەکیش دەگرێتەوە کە شاعێر بەتەمایە بازاڕ و برەوی گەرم بکات و سەنیاری فراوان ببن و بچێتە پێگە و ڕیزی ڕاستەقینەی خۆی، هەتا بۆ خۆی و لە پێناوی خۆی بجوڵێتەوە. چون ئەگەر بەو تەرزە ببێت ئیدی تەمەن و ژیانی خانا نەتەنیا نابێتە پوشی دەبا و بەخۆڕایی لە کیس ناچێ، بەڵکو ئەو خودە و ئەو تۆیە، بۆ هەمیشە هەرمان و نەمر دەمێنێتەوە.

لێرەش بڕێکیتر لە بەیتەکانی دیباچەی خوسرە و شیرین کە خانا بە ئاواتە جە لای ساحێبانی عەقڵ و دینی کوردستان قبوڵ بکرێن، دەنووسینەوە و پاشان لەسەریان باس دەکەین.

**یا ڕەب! بە فیراق فەرهاد کۆکەن**
**بە خورشید حوسن شیرین ئەرمەن...**
**وێنەی "نیزامی" سەیقەل دەر زەینم**
**بە سورمەی دانش ڕەوشەن کەر عەینم**
**تا کە ماجەرای شیرین و خوسرەو**
**سەنگتاشیی فەرهاد، سەرگوزەشت ئەو**
**باوەروون وە نەزم خاستەر جە گەوهەر**
**بە ڕەشح خامەی شۆخ بۆ عەنبەر**
**جە لای عاقڵان ساحێب عەقڵ و دین**
**دانا بوزرگان کوردستان زەمین**
**ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن**
**پەی چێش نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش**
**مەحزووزەن هەرکەس بە زوبان وێش؟**
**مەعلوومەن هەرکەس بە هەر زوبانێ**
**بواچۆ نەزمێ جە هەر مەکانێ**
**وێنەی عروسان زێبای موشک چین**
**بکەرۆش جە حوسن عێبارەت شیرین**
**خارێج جە مەعنی نەبۆ مەزموونش**

**کریابۆ چوون شێعر "جامیٚ" مەوزوونش**
**جە لای خێرەدمەند دڵپەسەند مبۆ**
**شیرینتەر جە شەهد شیرەی قەند مبۆ**
**جە عەرسەی دنیای دوون بەدفەرجام**
**بە دەستوور نەزم "نیزامی" تەمام**
**بە لەفز کوردی، کوردستان تەمام**
**پێش بوان مەحزووز، باقی وەسەلام  (ل، ١٣، ١٤، ١٥)**

ئەگەر لە برێک لە بەیتەکانی دیباچەی مەم و زین لیٚ گەڕین، فرەیەک لەم بەیتانەی سەرەوە لە ڕووی بیر و هزری نەتەوەییەوە، گرنگترین و بەبایەخترین دەقن هەتا پێش سەدەی نۆزدە بۆ ئێمە ماونەتەوە. ئەمن هیچ دەقێک لەم بارەوە شک نابەم لە ڕووی گرنگایەتی مێژووییەوە بتوانیٚ شان لە شانی ئەم بەیتانەی خانا بدات. پێویستە ئەم دەقانە بەجاران لە وانە و لە مەکتەبەکاندا بخوێندرێنەوە و منداڵەکان لەبەریان بکەن و ناوەڕۆکیان باس بکرێت. لە خوارەوە لە چەند خاڵدا، گرنگی و ئێژامەندی ئەم دەقانە باس دەکەم.

١_ خاڵی گرنگی ئەم بەیتانە ئەوەیە شێوەزاری نووسینەکەی خۆیان کە هەورامی یا هەمان گۆرانییە، ڕاستەوخۆ بە کوردی دەداتە قەڵەم. هەموو جیاوازیەک لەو بارەوە لە ژێر وشەی کورد کۆدەکاتەوە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە هۆزەکان و ناوچەکان و زارەکان لەو سەردەمەش هەموو خۆیان بە کورد زانیوە و هەڵاواردن و جیاوازییەکی نەتەوایەتی و تەنانەت زمانیش لە ئارادا نەبوە. **زمانی کوردی،** دەستەواژەیەک بووە بۆ هەموو زارە کوردییەکان بەکار براوە. بەبیٚ وتن دیارە ئەمەش لە ڕووی ئایدیا و بیر و شناسی نەتەوایەتییەوە بۆ گەلی ئێمە لەم سەردەمە زۆر ئێژامەند و بایەخدارە. بزوتنەوەی کوردیش لە پرۆسەی بەنەتەوەبوون دەتوانیٚ سوودی لیٚ وەرگرێت و ئاوری لیٚ بداتەوە و پشتی پیٚ ببەستیٚ.

٢_ ئەو نەتەوایەتیە خانا بانگەشەی بۆ دەکات لەپێناو سڕینەوە و دژایەتیکردنی ئەویتردا بنجی نەبەستووە. هەر بۆ نمونە ئەوەی کە دەڵێن یان وتویانە فارسی شەکرە، خانا سەرەتا بە دڵفراوانییەوە ئەو وتەیە بە گشتی ڕەد

ناکاتەوە و بۆ ئەویتر ڕێز دادەنێت و شەکربوونی زمانی فارسی بە ڕاست دەزانێ؛ بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەموو هێز و دەسەڵات و هەیمەنەیە تەنیا دەڵێ کوردی شیرینترە. دیارە لە دۆخێکی ناهاوسەنگ و نابەرابەردا جەخت لەسەر زمانی کوردی دەکاتەوە، بۆیە خوێنەر هەست بە لوتبەرزی نووسەر ناکات و واش دەرناکەوێت خانا وینگایەکی فاشیستی هەبێت و سووک لە فارسی بڕوانێ. تەنانەت بڕێک ئەو مسرەعەیان بەم جۆرە نووسیوە: **(کوردی چە لاو من بەڵ شیرینتەرەن)**، ئەگەر بەم جۆرە بێت، دەکرێ ئەو بۆچونە وەک بیروڕایەکی کەسەکی لەیەک بدرێتەوە، چون شاعێر دەڵێ بەلای منەوە کوردی شیرینترە. ئەمەش دەتوانێ خانا لە تۆمەتی دوگمبوون زیاتر دوور بکاتەوە.

٣_ ئەوەی کە فارسەکان زمانی خۆیان پێ شیرین و بەرز بوە و زمانەکانیتریان بە ناشیرین و نەوی داوەتە قەڵەم، وادیارە کولتوورێکی باو بووبێت، هەروەها لەوانەشە کوردەکان لە ئاست زمانی ئەویتر دۆش دامابن و تووشی خۆبەکەمزانی بووبن، بۆیە خانا بە ئاگاهیەوە لە ئاست ئەم دوو کولتوورە ئازایانە و زانایانە ڕاپەڕیوە و بە کوردەکانی وتوە ئەگەر زمانی فارسەکان شیرینە، زمانەکەی ئێوەش نەتەنیا کەمی نییە بگرە شیرینتریشە. خانا لەم بارەوە تەنیا دروشمی نەداوە، بەڵکو بۆ سەلماندنی بیروڕاکەی خۆی هەستاوە شاکارەکانی نیزامی کردوەتە کوردی، هەتا هەموو لایەک بەوە قایل بکات و بە کردەوە بسەلمێنێ ئەگەر زمانی فارسی توانای ئەوەی هەبووە ئەم شاکارانەی پێ بنووسرێتەوە، دەکرێ هەمان ئاسەوار بە کوردیش بنووسرێنەوە و شاکاریش دەربچن. لە ڕۆژگارەکەی خۆیدا جۆرێک دژە گێڕانەوەی خەلق کردووە. بەم کارە ویستوویەتی ئێرادە بۆ نەتەوەکەی بگەڕێنێتەوە و بەکردار سەلماندوویەتی زمانی کوردی لە فارسی ئەگەر زیادتر نەبێ کەمیشی نییە و دەتوانێ بە ئاسانی لە ئاست ئەو زمانەکاندا دەرکەوێت و توانای خۆی دەربخات.

٤_ خانا لەو دەقەی سەرەوە ڕاشکاوانە جەخت لەسەر زمان دەکات و دەڵێ هەرکەس لە ڕێی زمانەکەی خۆیەوە دڵشاد و بەختەوەرە. چەمکی زمان لە سەدەکانی دوای خانا دەور و پێگەی زۆر گرنگ دەبێتەوە و تەنانەت نەتەوە لە ڕێی زمانەوە تەعبیر لە خۆی دەکات. گرنگی دەستەواژەی زمان، لە دەقەکەی خانا لەوە دایە کە لە بەرامبەر زمانی ئەویتردا هاتووە. بۆیە شاعێر خوازیارە

بڵێ هەرچەند زمانی فارسی، وەک زمانێکی باوی نووسین شەکرە، بەڵام ئێمە تەنیا بە زمانی خۆمان، بە زمانی کوردی، دەتوانین دڵشاد و بەختەوەر و پارێزراو بین و هەست بە ئاسوودەیی بکەین. لە ڕووی زانستییەوە ئەمەش وتەیەکی سەلمێنراوە و لە دنیای ئەوڕۆدا بایەخێکی زۆری پێ دەدرێ. بۆیە ئەم موتیڤە و ئەو موتیڤەکانیتریش لەم دەقەدا لە ڕووی مێژووییەوە و لە ڕووی فکرییەوە بایەخیان بۆ ئێمە لەم ڕۆژگارە یەگجار زێڕینە.

٥_ وشەی کوردستان، لە دەقەکەی خانا شیاوی ئاوردانەوە و لێ وردبوونەوەیە. لەبەر ئەوەی لێرە "کوردستان" وەک وڵات، جیا لە زێد و ناوچە، بەرجەستە دەبێتەوە. دەڵێ بە لەفزی کوردی کوردستان تەمام، واتە بە زمانی کوردی ئەم دەقە بۆ هەموو کوردستان دەنووسم. ئەگەر هەڵە نەبم بۆ یەکەم جارە شاعیرێک دەبینین نایەوێت بە زار و ناوچە و شوێنێکی تایبەتەوە ببەسترێتەوە و وەک کوردستانییەک خۆی دەبینێ و ئاشکراش هەموو کوردستان بە بەردەنگی خۆی دەزانێ. ئەگەر هەڵە نەبم ڕەنگە خانا یەکەم شاعیری کوردیش بێت تا ئەو سەردەمە ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا ناوی کوردستانی لە شیعردا هێنابێت.

٦_ لە وێڕای دەقەکەدا ئەویترێک وێنا کراوە. ڕۆحی خود و ئەویتر، لەو دەقەدا لە ململانێ دان. شاعیر لە بەرامبەر ئەو دیتریە لە ڕێی موتیڤەکانی خود، زمان، کورد، کوردستان، بەختەوەری، شناسی خۆی بنیات دەنێ و لە ئاست ئەو دیتریەدا زەقی دەکاتەوە. ئەمە نیشان دەدات شتێک لە هەناو و مێشکی خانا هەبووە و ئەوی دنە داوە هەتا هانی کۆمەڵگاکە بدات بە خۆیاندا بێنەوە و خۆیان بناسنەوە و لەناو سەرانیش خۆیان ببیننەوە. لەبەر ئەوەی هەتا ئەویترێک نەبێ خود مانا وەرناگرێت. بۆیە خانا لەم دەقەدا بە جوانی ڕۆحی تەیاری ئەویتر وێنا دەکات و لە بەرامبەریشدا خۆبەخۆ باسی خود بەرجەستە دەبێتەوە و واتای خۆی وەردەگرێت.

٧_ لەو دەقانە وانەر ڕاستەوخۆ بەرەو لای پەیامێک دەچێ، کە زیاتر پەیامێکی سیاسییە. شاعیر بۆ ئەوەی بوار بۆ درکاندنی ئەو پەیامە بڕەخسێنێ دەڵێ سرووشێ لە پەردەی ئەسرارەوە ئەم پەیامەی پێ دام هەتا ئەم کارە مەزنە بکەم. بە تەماشە ئەم کارە مەزنەی پێشکەشی گەوەرە پیاوانی کوردستان

بکات و ئەوانیش وەک کەسانی خاوەن عەقڵ و دین لێی قبوڵ بکەن. کەوابوو خانا خۆی دەزانێ کارەکەی بایەخدارە و چاوەڕوانی کاردانەوە و کاریگەری کارەکەی دەکات. هەرچەند ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی خانا زۆر ناڕوونە، بەڵام لەوانەیە ئەم سرووشە ئەوە دەربخات کەسێ خانای بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هان نەداوە، بەڵکو ئەمە ئاکامی بیر و هزر و خۆئاگاهی شاعێرە کە بەو ئەنجامە گەیشتووە پێویستە بۆ گەلەکەی کارێکی مەزن بکات، تا لە ئاست نەتەوە سەردەستەکان کەمی نەبێت و سەری بەرز بکاتەوە. بۆیە کارەکەی زیاتر کردەیەکی ناخەکییە لە پێناو حەسانەوەی ویژدان.

ئەم باسانە ئەوە دەردەخەن خانا پلانێکی هەبوە و لە ڕووی ئاگاهییەوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو حەرەکەتێکی دەست پێ کردووە. شۆڕشێکی دەروونی لە ئەندێشەی خانا ڕووی داوە، ئەم حەرەکەتە و ئەم شۆڕشە، بۆ بیر و هزری کوردی لەم سەردەمە گەلێ سوودبەخش و ئێژامەندە. دەتوانێ ڕۆحی یەکگرتن پتەوتر بکات و ڕەوایی مێژوویی بە بیری کوردی و، هێز و وزەش بە داخوازیەکانی کورد ببەخشێت.

## دەوڵەت و چەمکی دەوڵەت

مارتین ڤان بروینسێن دەڵێ: "داخودا خانی ناسیۆنالیستێکی کورد بووە، داوای دەوڵەتێکی کوردی کردووە؟" پاشان دەڵێ: "سەبەبی فرە هەن بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی بە باوکە گەورەی ناسیۆنالیسمی کورد ناوزەد بکرێ. "بروینسێن لەسەر ئەو باوەڕەیە خودی مەم و زین وەک بەرهەمێک دەورێکی گرنگی لە قۆناغە ناسکەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد گێڕاوە. دەڵێ بەڵام ناتوانین بە پاڵپشتی یەک دوو دێڕی بەناوبانگی مەم و زین بگەینە ئەو ئاکامە و بڵێین خودی خانا بیری لە دەوڵەتێکی کوردی کردوەتەوە. (بروینسێن، وتاری مەم و زین و نەتەوە) نووسەر بە بەڵگەوە دەسەلمێنێ کتێبی مەم و زین لە بزافی کوردی لە سەردەمی حاجی قادر بەملاوە تا کۆتایەکانی سەدەی بیست، دەور و پێگەیەکی گرنگی گێڕاوە و زۆر کاریگەر بوە. بەڵام کاتی ورد دەبینەوە دەبینین شیرین و خوسرەوی خانا نەیتوانیوە ئەو دەورە لە نەریت و کولتووری کورد بگێڕێت. ئەمەش لەبەر لاوازی خانا و بەرەهەمەکە نەبووە. بەڵکوو بزافی کوردی زۆر دێر خانا و ئاسەوارەکانی دەدۆزێتەوە، یان لەوانەیە هێشتا نەشیدۆزیبێتەوە، تەنانەت یەکەم کتێبی خانا لەم دوایانە بە هەوڵی حەمەی مەلاکەریم لە کۆڕی زانیاری بڵاو کراوەتەوە. کەچی لە سەدەی نۆزدە بەدرخانەکان و حاجی قادر و ڕووناکبیرانی کورد و بیانی، لە ماوەی سەدەی بیستەم لە ڕێی جۆراوجۆرەوە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ناساندنی مەم و زین و خانیدا گێڕاوە. کەم کتێب هەیە ئەوەندەی مەم و زین لەسەری نووسرابێت. هەروەها دووری جوغرافیای ژیان و بەرهەمەکانی خانا لە ناوەندەکانی ئاڵوگۆڕی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیست، بوە هۆی ئەوە هەتا خانا لەم بارەوە دەورێکی ئەوتۆ نەگێڕێت و ئاوری جدیشی لێ نەدرێتەوە. ئەگینا خانای قوبادیش هەم لە دیباچەکەدا و هەمیش لە هەناوی خسرەو شیرین هەندێ باس دەورووژێنێ کە شیاوی ئاوردانەوەن. حەمەی مەلاکەریم لە پێشەکی شیرین و خوسرەودا دەڵێ خانا لەم چیرۆکە بڕێجار هەندێ باس دەکات پەیوەندیان بە دەقەکەی نیزامییەوە نییە، زۆر باش چیرۆکەکەی کورداندووە و تێکەڵ بە نەریتەکانی کوردی کراوە.

جاروباریش وتەکەی نیزامی دینێتەوە، بەڵام لە پێناو مەبەستەکانی خۆی لە دەقە سەرەکییەکە لادان ڕوو دەدات و باسەکەی خانا دوورتر لە دەقەکەی نیزامی دەڕوات. جاروباریش هەندێ باسی شیرین و خوسرەوەکەی نیزامی کورت دەکاتەوە و بە پێویست نازانێ چڕوپڕ باسیان بکات. ئەمەش لە لایەکەوە ئاگامەندی خانا دەردەخات و پێمان دەڵێ شاعێر مەبەستی هەیە و دەزانێ خەریکی چییە و چی دەنووسێت.

بەڵام بەداخەوە خانا هەنوکەش بە نەناسراوی ماوەتەوە، کاری زۆری لەسەر نەکراوە. خاناناسی بیابانێکی بێ درەخت و بێ گیایە کە پێویستە ئەم بیابانە گاسنە و چەند گاسنە بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی خاناش بە ڕادەی خانی هەگبەی بۆ کولتوور و چاندی کوردی پڕە. لە تەنشت دەیان بابەت، دەکرێ بۆ نمونە باسی دەوڵەت بکەین. کاتێ خانا لە شیرین و خوسرەودا لە زمانی خوسرەوەوە باسی دەوڵەت دەکات، دەکرێ لێرە بۆ ئەم بابەتەش هەمان پرسی بروینسێن گەلاڵە بکەینەوە، داخۆ خانا لە کام مانادا باسی دەوڵەت دەکات؟ واژەی دەوڵەت دەکرێ بە دوو دیودا بخوێندرێتەوە: "دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سیاسی بۆ بەڕیوەبردنی کاروبارەکان یان دەوڵەت وەک سامان و دارایی و دەستڕۆشتنی ئابووری کەسێک. (مامۆستا جەعفەر، پێشەکی دیوانی خانا: ٥٨)

خۆ بێ دەوڵەت نیت دیوانەی کەم فام
جە عەرسەی دەوران نەیاوی بە کام
پەی چێش؟ بێ دەوڵەت دایم خار مبۆ
دۆستش ئەر سەدەن لێش بێزار مبۆ
ئیسە تۆ شوکر دەوڵەت ڕامتەن
کامڕەوانیی دەور بە کامتەن (ل، ٢٦٥)

ئەم دێڕانە کاتێک وتراون کە لە چیرۆکەکەدا خوسرەو کەوتوەتە دەرەوەی دەسەڵاتەوە و لەگەڵ خۆی وتووێژ دەکات کە هەرکەس "دەوڵەتی" نەبێت هەمیشە کاروبارەکانی لار و چەوتن و هیچ کارێکی بۆ ناچێتەسەر. بۆیە خانای قوبادی لێرە هەر دوو ماناکەی لە دەوڵەت ڕەچاو کردووە. واتە خوسرەو هەم لە بێسامانی و هەمیش لە بێدەسەڵاتی دەناڵێت. (مامۆستا جەعفەر، پێشەکی

دیوان: ٥٧) خوسرەو لەو کاتەدا قەدری دەوڵەت بە واتای دەسەڵات و حکوومەتداری دەزانێ کە لە دەسی داوە. بۆیە بۆ خوسرەو دەردەکەوێت بەبێ دەوڵەت و حکوومەت، بەبێ سەروەت و سامان، کارەکان بەڕێوە ناچن. ئەم بەیتانە پەیوەندیی ئەوتۆیان بە داڕشتنەکەی نێزامییەوە نییە، زیاتر هەڵقوڵاوی خەیاڵی خودی خانان. (سەرچاوەی پێشوو) ئەم خاڵە، بایەخی ئەم بەیتانە زیاتر و زیاتر دەکات. گوایا خاناش خوازیارە بڵێت کاتێ نەتەوەیەک، دەسەڵات و هێز و توانای نەبێت، ناتوانێ سەرکەوێت و بە ئامانج بگات. هەمیشە پەرتەوازە دەمێنێتەوە و ناتوانێ کارەکان سەروسامان بدات. زمانەکەشمان سەرەڕای ئەوەی کە شیرینە، بەڵام لە بێدەوڵەتیدا دەکەوێتە پەراوێزەوە و تواناکانی دەرناکەون و فەراموش دەبێت و هەر لایەکی ئەم نەتەوە بە ڕێکدا دەڕوات و هەر ڕێیەکیش بەرەو دۆڵێک مل دەنێت.

## گرنگی خانا بۆ ئەم سەردەمە

نەتەوەخوازی، لە دوو سەدەی ڕابردوو ڕوداوێکی مەزن بووە؛ بەڵام زۆرجار مێژینە حەسێب کراوە. (کێریگ کالهۆن، ١٣٩٣: ١٣) ئەگەر فۆکۆیی بڕوانین دەکرێ بڵێین نەتەوەخوازی چوارچێوەیەکی گوتارمەندە. واتە تەرزێکە لە قسەکردن کە ئاگاهی ئێمە درووست دەکات. (سەرچاوەی پێشوو: ١٨) دەڵێن نەتەوەخوازی ئایینێکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەورووپا هاتوەتە ئاراوە. (سەرچاوەی پێشوو: ٣٣) بەڵام نەتەوەخوازی تەنیا ئایین نییە، بەڵکو مێتۆدێکی بنەماییە بۆ قسەکردن و بیرکردنەوە و کردار.

ئەگەر دوو هۆکاری "مادی" و "فەرهەنگی"، بە دوو فاکتی گرنگی درووستکردنی نەتەوە بزانین، کورد لە مێژە لە هۆکاری مادی بێبەشە، هێشتا لەو بارەوە لاوازە. بەڵام لە باری فەرهەنگییەوە دۆخەکەی ئەگەر نەڵێم دڵخوازە بەپێی بەراوەرد باشتر بووە. لە ڕاستیدا جان مێییر و هاوکارەکانی جەختیان کردوەتەوە کە شێوەی نوێی دەوڵەت خۆبەخۆ ڕێخراوەیەکە سرشتێکی کولتووری هەیە. (سەرچاوەی پێشوو: ٣٢)

ماسیمۆ دازگلیۆ، سیاسەتمەداری ئیتالی، دەڵێ: "ئێمە ئیتالیامان درووست کردووە، ئێستا ناچارین ئیتالیایەکانیش درووست بکەین." (سەرچاوەی پێشوو: ٢٤) دیارە ئێمەی کورد لە درووستکردنی کوردستان زۆر دەستمان کورت بوە و هێشتا کوردستانێک بە واتایەکی نێونەتەوەیی بوونی نییە. لە درووستبوونی کەسیەتی کوردیش هەتا ئەم دوایانە کارێکی ئەوتۆمان نەکردووە. ئەگەر لە مێژوودا بگەڕین و چەند هەوڵێکی تاکوتەرا ببینینەوە، ئەزقەزا بیر و هزر و شێعری خانا لەو بابەتانەیە دەکرێ ئاوری لێ بدەینەوە؛ چون کورد و کوردستان لە وتەکانی خانا ڕەنگیان داوەتەوە. هەر لەم پێناوەدا ئەگەر ئەدەبی کوردی، خانای نەدبوو، بە دڵنیاییيەوە شتێکی کەم بوو، کەلێنێکی گەورەمان هەبوو. بۆیە خانای قوبادی لە ڕووی مێژوویەوە یەکێ لەو دەگمەن کەسانەیە دەبێتە هۆی زەنگینی کولتووری کوردی، دەتوانێ زۆر یارمەتی بیر و هزری نەتەوایەتی بدات و کوردمان بۆ دروست بکاتەوە. خانای قوبادی هەنبانەیەکە بۆ پەروەردەکردنی تاکی کورد. خانای قوبادی سامانێکی ئێژامەندی دیرۆکی ئێمەیە، دەتوانێ بەستێنی لەباری ناوچەچیەتی و حزب حزبێنی و چەنبەرەکی ئامادەبووی هەنووکەی گۆڕەپانی چالاکی مەدەنی و سیاسی ئێمە پووچەڵ بکاتەوە. لەبەر ئەوەی نەتەوەخوازی دەتوانێ زۆرێک لە بەها سیاسی و ئەخلاقیە جیاوازەکان پەرە پێ بدات. نەتەوەییبوون، دەتوانێ لە مودڕنکردنەوە و یەکخستنەوەی نەتەوە، لە ئاست عەشیرەگەری و گرووپچیەتی دواکەوتووانە تەژی بە ململانێ دەور ببینێت. (سەرچاوەی پێشوو، ١٦٨)

### پێگەی خانا لە نەریتی فکری کوردی

برێک لەسەر ئەو باوەڕەن کوردەکان لە نەریتێکی فکری یەکپارچە و ماریفەتناسانە کە خۆیان دامەزرێنەری بن بێبەرین. کورد نەیتوانیوە نەریتێکی فکری کە ڕەنگ و پێگەی کوردی هەبێت و بکرێ لەگەڵ ئەو نەریتەکانیتر جیای بکەیتەوە پەرە پێ بدات. (جلال حاجیزادە، ماهنامەی ژیلوان، شمارە ٨) دەڵێن بۆچی هەتا ئێستا هەر لە قۆناغەکانی کەونارا، ئێسلامی و سەردەم، لە نەریتی کوردیدا کەسایەتی و بیرەمەندانێک پەروەردە نەکراون بیریان مورک و تایبەتمەندی

کوردیی هەبێت و لەسەر خود و ئەویتر بیریان کردبێتەوە؟ بەوجۆرەی دەکرێ لە نەریتی فکری ئێرانی و عەرەبی یان ئاڵمانی قسە بکەین، زۆر دژوارە بتوانین باس لە نەریتی فکری کوردی بکەین. هەڵبەت ئەگەر نەریتێکیش هەبێت زیاتەر لە فولکلۆر و هونەردا خۆی بینیوەتەوە. بە وتەی بەڕێز حاجیزادە ڕۆشنبیری کورد نەیتوانیوە لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگاکەی خۆی بکەوێتە وتووێژەوە. ئەگەر بزافی ڕۆشنبیریی، بە هەڵقولاوی ئەم وتووێژە لەگەڵ نەریت بزانین، هەر بەوجۆرەی لە ڕۆژاوا وابوە، لەوانەیە نەتوانین لێرە باسی "ڕۆشنبیریی کوردی" بکەین. چون هەم لە نەریتی فکری کوردی بێبەشین هەمیش وتووێژیک لەم بارەوە لەگەڵ ئەم نەریتە نەڕەخساوە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

کورد لە فۆرمی نەتەوەییدا زۆرجار تووشی دابڕان بوەتەوە، ئەم دابڕانە مێژووییە، چەشنێک شێوەگۆڕان بووە کە بەرەو داڕزان و توانەوە چووە. لە ڕاستیدا قەیرانی نەریتی فکری کوردی، بە پێچەوانەی نەریتی ئێرانی یان ڕۆژهەلاتی زۆر ئەستەمترە. بۆیە لە نەریتی فکری کوردی کەسایەتییەک هەڵنەکەوتووە لە پێگە و جێگەی شناس و نەریتی کوردییەکەیەوە تێکۆشا بێت شوێنگەیەکی دیاری نێوانفەرهەنگی و جیهانی هەبێت. هەر بۆ نمونە دوو کەسایەتی فەلسەفی و کرداری وەک سۆرەوەردی و سەلاحەدین ئەیوبی، هەر دووکیان لە دەرەوەی نەریتی فکری کوردیەوە پەروەردە کراون و پەیوەندیان بە نەریتی کوردەوە نییە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو) بەگشتی کاکڵی ئەم وتانە ئەوەیە ئێمەی کورد خاوەنی نەریتێکی فکری ڕێکخراو و توکمە تایبەت بە خۆمانمان نییە هەتا لە نەریتە فکریەکانیتر خاسما ئێرانی، ئێسلامی، عەرەبی جیامان بکاتەوە، ئێتر ڕۆشنبیری کورد نەیتوانیوە لەگەڵ نەریتی خۆی بکەوێتە پێکدادانەوە و لەگەڵی وتووێژ و مشتومڕ بکات. بۆیە گەلێ دژوارە بتوانین لە دونیای نوێدا باس لە ڕۆشنبیریی کوردی بکەین.

دیارە ئەم وتانە زۆر لە ڕاستییەوە نزیکن. ئێمەی کورد لە پاش مادەکانەوە خاوەنی مێژوویەکی لێکدابڕاوین کە بەرە بەرە، بەرەو داڕزان و داڕۆخان و دواجار توانەوە چووە. بەم بۆنەوە "نەریتی فکری کوردی" زۆر کز و لاوازە، بە لەونێک هەتا سنووری پووکانەوە و نەمان تەشەنەی کردووە. بەلام بە پێی وتەکانی ئەم وتارە لە مێژوودا هەندێ تروسکایی دەرکەوتوون ناتوانین

نەیانبینین. ئەوترووسکە ترووسکانەش لە ڕووی نەریتی هزری نەتەوایەتییەوە لە سەدەی هەڤدەهەم لە ئەحمەدی خانیدا شەوق دەداتەوە و ئەم شەوقە بۆ خانای قوبادی دەگوازرێتەوە و لە حاجیدا ڕووناکایی دەبەخشێت و ئیدی لە سەدەی بیستەم ئەم نەریتە چراغانی دەبێت. دەخوازێ ڕۆشنبیری کورد لەسەر ئەو ترووسکانە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکات و لێکۆڵینەوەکەی هەتا ئەم سەدەیە درێژ بکاتەوە. دەبێ ئەم نەریتە بخوێندرێتەوە و تێ بکۆشین جاروبار بە قولینجێک تامی ژانیشی پێ ببەخشین.

لەم وتانە دەستەواژەی "نەریتی فکری کوردی"، دەستەواژەیەکی ناوەندی و سەرەکییە. ئەگەر لەسەرەوە ئاماژە بە نەبوونی نەریتی فکری کوردی کرا، دەکرێ لەسەر ژینی کوردی و فەرهەنگی کوردی، کە زیاتر لە فولکلۆر و هونەردا ڕەنگی داوەتەوە، بە چڕوپڕی باس بکەین. لە فەرهەنگی وەرینەی کورد، ئەحمەد خانی و خانای قوبادی وەک شاعیر و شەرەف خان بتلیسی وەک مێژوونووس هەوڵدەدەن نەریتێکی کوردی بنیات بنێن، "کوردبوون" تایبەتمەندی سەرەکی بێت و لەگەڵ ئەویدی جیاوازی بکەنەوە. ئەمان هەر کام بە جۆرێک ڕووبەڕوی نەریتی بەرلە خۆیان دەبنەوە، دیارە گەورەترین خەساری ئەم نەریتەش "**نەنووسین**" دەزانن. بۆیە خۆیان دەس بە نووسین دەکەن و نەریتێک بنیات دەنێن و ئێمەش ناچار دەکەن لەم سەردەمە ئاوری لێ بدەینەوە. ئەم هەوڵانە ئەگەر بە لاوازیش گریمانە بکرێن بۆ مێژووی مودێرنی کورد گەلێ بایەخدارن. پێویستە ڕۆشنبیری کورد بەم نەریتانەوە سەرقاڵ ببێت و لەم بارەوە لە چەنەچەنە نەوەستێ. بۆ نمونە خانای قوبادی هەڵگری ئەو ئایدۆسەیە کورد لە مێژوودا ونی کردووە. خانا هەڵگری ئایدیایەکە، ئەو ئایدیا هەندێ شتی لێ داوا دەکات و ئەویش بە پەرۆشی ئەو داواکاریانەیە و بەرەو پیریان دەچێت. ئەم ئایدۆسە بەرە بەرە دیمەنی مێتافیزیکانە وەردەگرێت و بۆ ژیانی ئەمرۆش دەگوازرێتەوە. بۆیە خانا لە ڕووی ئەم ئایدۆسەوە یەکێ لە بنیاتنەرانی نەریتی فکری کوردییە لە بواری شناس و سیاسەت و ئەدەب و زمانەوە. هەر ئەم خاڵانەش بەسن بۆ ئەوەی ئێژامەندی خانامان لە نەریتی فکری کوردی و لە هزر و ئەندێشەی کوردی بۆ دەرکەوێت. لەسەر ئەم باوەڕەم مێژووی کورد، هەر بەو جۆرەی پێشتر وترا، ئەگەر کەسێکی وەک خانای نەبووبا، ئەم مێژووە

هەڵگری کەموکورتییەکی یەکجار زۆر دەبوو کە بە ئاسانی قەرەبوو نەدەکرایەوە. بۆیە **خانا لە مێژووی کورد بلیمەتێکی ستراتیژیکە.** چون خانا یەکێ لە دامەزرێنەرانی فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردە. بەم بۆنەوە بزافی کوردی وێنەی هەر گوتارێکی نەتەوەیی تێ دەکۆشێ لە نەریتی فەرهەنگیی خۆی ئەوپەڕی سوود وەربگرێت.

# ئــاكـــام

ئەگەر خوازیار بین هەتا سەدەی نۆزدە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی لە بواری ئەدەبی نەتەوایەتییەوە سێکوچکەیەک دیاری بکەین، نمونەی باشترمان لە ئەحمەد خانی و خانای قوبادی و حاجی قادر کۆیی وەگیر ناکەوێت. هەر بەمبۆنەوە خانا یەکێ لە گرنگترین ئەدیبەکانی مێژووی کوردە. وەک نوێنەری سەدەکەی خۆی، وەک بیرەمەندێکی مێژوویی بۆ ئەندێشە و هزری نەتەوایەتی، پێگە و جێگەیەکی یەگجار زۆری هەیە. بەڵام بەداخەوە بزافی کوردی لەسەر خانا کارێکی ئەوتۆی نەکردووە. نەریتی فکری کوردی لە چەندین ڕووەوە هەژاری و لاوازی و بۆشایی ڕادەبەدەری پێوە دیارە. ئێمە پێناسەیەکی ئەوتۆمان بۆ بیری کوردی لە دەرەوەی بیری ئێرانی ئیسلامی عەرەبی نییە. ڕۆشنبیری ئێمەش لەگەڵ ئەم نەریتە نەکەوتوەتە وتووێژێکی جدی و قووڵ و ڕەخنەگرانەوە. خانای قوبادی ئەو کەسەیە دەتوانێ تۆزێ ئەم بۆشاییە و ئەم کەموکوڕیە قەرەبوو بکاتەوە. ئەو لەگەڵ مێژووی خۆی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، هەست بە کەمایەسی دەکات، گەورەترین خەساری مێژووی گەلەکەی لە بابەتی زمان و لە نەنووسین دەبینێتەوە. بۆیە خانا بۆ نەریتی کوردی لە بواری زمان و شناس و ئەدەبەوە کەسێکی مێژوویی و ئێژامەندە. ئەو لە ڕووی ئەو چەمک و موتیڤانەوە کە ئاگامەند لە دیباچەی خوسرە و شیرین بەکاری هێناون، وەک زمان و کورد و کوردستان، بۆ ئەندێشەی کوردی لەم ڕۆژگارە بیرەمەندێکی ستراتژیکە، کە نووسەری کورد دەتوانێ بەجاران بۆی بگەڕێتەوە و وەک بەڵگە پشتی پێ ببەستێت. چون خانا بە پیێ شوێنە مێژوویەکەی بۆ کولتوور و هزری کوردی هەگبەی پڕە. خانا تێ دەکۆشێ خودێک لە بەرامبەر ئەویتر پێناسە بکات. بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەو خودەش بە کردەوە و سەرکەوتوانە شاکارەکانی نیزامی دەکوردێنێ تا هەم لە ئاست ئەو دیتریە کەم نەهێنێ و خۆی بسەلمێنێ، هەمیش ئیرادە بۆ نەتەوەکەی بگەڕێنێتەوە و دواجار بەتەمایە ئەم گەلە لە خەو هەستێتەوە. لە خانادا ئێمەی کورد، تووشی بیرێکی نوێی نیشتمانی دەبینەوە، بۆیە بزافی ڕۆشنبیریی کورد، دەتوانێ زۆر کاری لەسەر بکات و لە ئاست ناوچەچیەتی و حزبایەتییەک کە لە بیری نەتەوەیی بەدوورە بەرزی بکاتەوە و لە پەروەردەکردنی تاکی کورد بە کاری بێنێت و مرۆڤی کوردی پێ درووست

بکات. بۆیە مێژووی ئەدەبی کورد، ئەگەر بلیمەتێک وەک خانای نەبوایە بە دڵنیایی ئەم دیرۆکە شتێکی کەم بوو، ئەو شتەش بە ئاسانی بۆ ئەدەب و بیر و شناس و ئەندێشەی کوردی قەرەبوو نەدەکرایەوە. هەر بەم بۆنەوە پێویستە خاناناسی وەک پرۆژەیەک ئاوری جدی لێ بدرێتەوە و لە زانستگاکان تیزی لەسەر بنووسرێت.

بەهاری 1398

## سەرچاوەکان:

١_ قوبادی خانا، دیوان، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە، کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین)، سنە: نشر شوان، چاپی یەکەم ٢٠١٦

٢_ قوبادی خانا، خوسرەو شیرین، بووژاندنەوە و لێکدانەوەی محەمەدی مەلاکەریم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی چاپی نەنووسراوە

٣_ بروینسێن مارتین ڤان، مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی وشیاری نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، وتاری PDF

٤_ کالهون کریک، ناسیونالیسم، ترجمەی محمد رفیعی مهرآبادی، تهران: نشر آشیان، چاپ اول ١٣٩٣

٥_ حاجی‌زادە جلال، بحران روشنفکری کردی در ساحت مدرنیتە، ماهنامەی ژیلوان شمارەی هشتم سال سوم اسفند ١٣٩٥

٦_ خانی ئەحمەد، مەم و زین، ئامادەکردنی هەژار، هەولێر: ئاراس، چاپی دووهەم ٢٠٠٨

٧_ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، سیمای شێعری کوردی دوای ڕاپەڕین، سلێمانی: سەردەم، چاپی ٢٠٠٣